لیوا یەحیا ڕەسول بەردومانکی سلەمانی ئاشکرا کرد لەلایەن کۆ ئینجامدرا

وتەبژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا یەحیا ڕەسول لەبارەی بەردومانکەی شاری سلەمانی ئاشکرای کرد کە لەلایەن تورکیاوە ئینجامدراوە و ڕایگەیاند: "بەردومانکەی فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت لە سلەمانی لە ڕێگەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانەوە بووە کە لە سنووری تورکیاوە هاتنە ئاسمانی عێراقەوە"، هەروەها وتیشی: "تەقینەوەکە بووە هۆی کوژرانی سێ پاڵەوانی دڵزگای دژە تیرۆر و بریندارببوونی سێ کەسی دیکە، ئەم هێرشە پێشێلکردنی سەروەری و ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی عێراق و پێشێلکردنی ئاشتی و ئاسایش و هەڕەشەیە بە سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهان و پێشێلکردنی بڕگەکانی یاسای نێودەوڵەتی و ئامانجەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە".